# زانستی سیاسەت

## کتاب: بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدالرحمن عالم      وەرگێر: ئەمیر حاجی موحەمەد      ( بەشی سێیەم )

### ٣/گۆڕەپانی زانستی سیاسەت

لەپاش پێناسەی زانستی سیاسەت، دەبێ گۆڕەپانیشی دیاری بکرێت. فەرهەنگستانی زانستی سیاسەت و کۆمەڵایەتی ئەمەریکا لە ٢٨ و ٢٩ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٦٥، بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی گۆڕەپانو ئامانجو شێوازەکانی زانستی سیاسەت لە فلادلفیا کۆنفراسێکی سازدا، (ئالفرێد دی گرازیا) (Alfred De Grazia)، (دیوید ئیستۆن)، (هەری ئێکشتن) (Harry Eckstein)، (هانس مۆرگنتا)، (نورمن پالمر) (Norman Palmer)، و زانایانیتر بۆ بەشداری کردن لەم لێکۆڵینەوە بۆئەم کۆنفراسە باگهێشت کران.

لەم کۆنفرانسەدا باس لەوەکرا کە ناتوانرێ بە ئاسانی سنورەکانی زانستی سیاسەت بەوردی دیاری بکرێت، لەژیانی کۆمەڵایەتیدا هیچ لایەنێك نیە کە لەگەڵ سیاسەتدا پەیوەندی نەبێت، ئەمجا لەبەرئەمە، زانستی سیاسەت لەزۆربەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیەکاندا خۆی ئەبینێتەوە و بەشبەرە و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بەشە زانستیەکانیتر وەك مێژوو، ئابوری، کۆمەڵ ناسی، دەروناسی کۆمەڵایەتی، ئەخلاق، یاسا، سەرژمێری و ئامار، جوگرافیا و بەشەکانیتردا هەیە، بەلاَم ئایندە دەبینین، کە زانستی سیاسەت مەیدان مەودای خۆی هەیە کە تیایدا جەوڵان و دەرەتان بکات و مادە و دەرئەنجامە تایبەتیەکانی خۆی هەیە.

#### ١-زانستی سیاسەت، هەمیشە بزۆزە ( پویا ):

زانستی سیاسەت سروشت، رەوەند، گۆڕەپانو ئاکامی دەسەلاَت و دەسەلاَتی مەشروع لە کۆمەڵگەدا تاوتوێ دەکات و دەیخاتە بەردەم لێکۆڵینەوە. (دەسەلاَت) نابێ بەمانای ملهوڕی و زۆرەملێ بزانی. پایەی ئەخلاقی دەسەلاَت و نفوزی ئەندێشەکان لەسەر مرۆڤ بەشێوەی گشتی لە فەلسەفەو دەرون ناسیدا گەشەدەکات. کۆڵینەوەو پەی جۆری دەربارەی خواستو ئامانجەکانی دەسەلاَت بە ئەندازەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەکارگرتنی گرنگی هەیە.

زێدەتر لەمە توێژینەوەی دەسەلاَت سیاسەت ناس هان دەدات کە لە لێکۆڵینەوە لەسەر ئۆرگانە حکومەتییەکانەوە شۆڕبێتەوە بەرەو هەڵسەنگاندنی دامەزراوە ناحکومەتییەکان وەك سەندیکای کرێکاری و دامەزراوە ئاینی و کۆمپانیە بازرگانیەکان. لەراستیدا لێکۆڵینەوە لەسەر هەر کۆمەڵ و کۆبوونێکی مرۆوی کە بەشوێن دەسەلاَتو نفوزدا دەگەڕێ پەیوەندی بە زانستی سیاسەتەوە هەیە.

بەم پێیە، بابەتی زانستی سیاسەت گشت ئەو ئەندێشە و دامەزراوانە دەگرێتەوە کە دەسەلاَت و تواناو نفوزیان لە لەسەر کۆمەڵگە هەیە. هەروەها ئەم زانستە لە رەفتاری سیاسی (یانی گەڕان بەشوێن دەسەلاَتدا) گروپو رێکخراو و دامەزراوە نارەسمیەکان کە کەم و بێشێ لە دەوڵەتەوە دورن و دەکۆشن لە سیاسەتی گشتی و بواری گۆڕانکاری کۆمەڵگە کارلێکەریان هەبێت دەکۆڵێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوە بە هیچ چەرخێکی مێژوو یان هیچ شوێنێکی دیاری کراوی کۆمەڵگەی مرۆڤیش قەتیس ناکرێ. مەگەر بۆ ئاسان کاری لێکۆڵینەوەکان بێت. لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و لەرێگای توێژینەوە لەو هەڵسوکەوتانە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە دەتوانرێ دەرئەنجامە تاقیکراوەکان کە زانستی سیاسەت پێویستی پێیە بەدەست بێت.

#### ٢-زانستی سیاسەت، ڕوونکردنەوەی بارودۆخە:

لێکۆڵینەوەی دیاردەو رەوەندە سیاسیەکان بەشێکی گرنگە لە ئەرکی زانستی سیاسەت. ئەم لێکۆڵینەوە لە چەمکە سیاسیە باوەکان و ئەو گروپو رێکخراوانە ورد دەبێتەوە کە بە شوێن دەسەلاَتدا ئەگەڕێن و کارلێکەرن لەسەر کۆمەڵگە. زانستی سیاسەت خوێندنەوەی بۆ چەمکی دەوڵەت، رەگو ریشەکانی، تایبەتمەندیەکانی، شێوازو ساختارەکانی، رەوەندو کارکردنی، ئامانجەکانو کارەتایبەتمەندیەکانی، پەیوەندیەکانی لەتەك هاولاَتی و دانیشتوان و گروپە جۆراوجۆرەکان، وە هەروەها پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر و دامەزراوە نێودەڵەتییەکان، هەیە. لەڕاستیدا مافە نێودەوڵەتیەکان و سازمانە نێودەوڵەتیەکان مەودا پانایەکی تازەی بەزانستی سیاسەت بەخشیوە لەیەك مانادا زانستی سیاسەتی کردووە بەزانستی کۆمەڵی سیاسی جیهانی.

#### ٣-زانستی سیاسەت، تێگەیشتنی رابووردووە:

لێکۆڵینەوە لەسەر دەڵاسەت و دەسەلاَتی مەشروع و نفوزی رابووردوو یارمەتیدەرە ناسین و تێگەیشتنە لە دامەزراوە، ئەندێشە و رەوەندەکانی ئەمڕۆین. ئەم بەشە لە توێژینەوە، هەوڵدانو کۆششێ دەگرێتەوە کە لەسەردەمی کۆندا بەدی هاتووە تاکو دەربارەی دەوڵەت، حکومەت، مافەکان، و رەفتاری سیاسی زانیاریەکی نوێ بەدەست بهێنێ و شیاوی بەکارگرتن و بخرێتە چوارچێوەی تاقیکردنەوەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی لەمەڕ دەسپێکی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی سازماندا وتەکاملی شێوازە سیاسیەکان لە سادەوە بۆ ئاڵۆز و مێژووی نووسینی یاسا بنەڕەتییەکان دەگرێتەوە. زانستی سیاسەت لێکۆڵینەوەی ئەندێشە سیاسیە جۆراوجۆرەکان دەکاتو ئەرکی تێگەیشتن و ناسینی رۆڵی گروپو سازمانەکان کە هەوڵی دەسەلاَت و نفوز و کارلێکەری دەدەن لەکۆمەڵگەدا دەخاتە ئەستۆی خۆی.

#### ٤-زانستی سیاسەت، پێشنیارکەری سیاسەتە:

دوا ئامانجی هەموو لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسەت ئەوەیە کە هەموو دیاردە سیاسیەکان بناسێت بڕیار لەسەریان بداتو بیانخاتە بواری کردەوەوە. لەم بارەیەوە، سیاسەت ناس، رەوشتی تاقیکردنەوەیی، مێژوویی و پێوانەیی بەیەکەوە دەبەستێ (ترکیبی). خواستی ئەم شێوازە تەرکیبیە بەگشتی ئەوەیە کە رێگە راستو بێ پێچو پلۆچ بۆ گۆڕان بدۆزێتەوەو رەوەندە سیاسیەکان لەڕووی ئەو ئامانجانەی کە دەیانەوێ بەدەستی بهێنن لێکبداتەوە. پێشنیاز و تەرحەکان بۆ چاکسازی پێکهاتە (ساختار) و رەوەندە سیاسییەکان، جێی رێزو قبوڵی زانستی سیاسەتە.

#### ٥-زانستی سیاسەت، لە قۆناغی ئاوەلەمی ( جنینی ):

لەگەڵ ئەم واقیعەتەشدا کەبیر سیاسی پێش لە ٢٥٠٠ ساڵ بوونی هەبووە، بەلاَم هێشتا لە تەمەنی منالّیدایە. (ئێرنست بارکر)، یەکەمین مامۆستای زانستی سیاسەت لە کمریج، لەوتاربێژی خۆی سەبارەت بەزانستی سیاسەت گوتی کە هەندێ زانستی سیاسەت، دوور لە تێگەیشتن، بەڵکو گوماناوی و لەوانەیە بەکێش مەکێش و شەڕاوی دەزانن. زانستی سیاسەت لە راوردکردنیدا لەگەڵ مێژوو ئاڵۆزو نەسیاوی پێوانەیە، لەبەراوردا لەگەڵ یاسا ئابوریدا رەوشتی تایبەتی بیرکردنەوە و زاراوە هونەری نیە، و لەبەراووردا لەگەڵ زاستەکانی سروشتی و ژینگەییەوە، وردبینی نیە، بەلاَم ئەگەر زانستی سیاسەت لەگەڵ کۆمەڵناسی بەراوورد بکرێت، سادە، تۆکمەوپڕ و بەیەکەوە گونجاو دێتەوە بەرچاوە. زانستی سیاسەت ئەگەرچی لەم سەدەی ئێستادا زۆر چووەتەپێشەوە، بەلاَم هێشتا لە حاڵەتی گۆڕانی یەك لەدوای یەك و گەشەکردندایە.

### ٤/بەشەکانی زانستی سیاسەت

کۆمیتەیەکە رێکخراوی یۆنسکۆ لەساڵی ١٩٤٨ سازیدا تا پەیڕەونامەی ئەنجومەنی نێودەڵەتی زانستی سیاسەت ئامادە بکات، بابەتەکانی جێی لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەت بەم جۆرە بەیان کرد.

١-بیردۆزیی سیاسی:
- بیردۆزی سیاسی
- مێژووی ئەندێشە سیاسییەکان

٢-حکومەت:
- یاسای بنەڕەتی (دەستور)
- حکومەتی
- حکومەتی هەرێمی و ناوچەیی (ویلایەتی و فیدراڵی)
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گشتی
- ئەرکە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی حکومەت
- دامەزراوە سیاسیە پەیکەلکارەکان (تگبیقی)

٣-حزبەکان، گروپەکانو رای گشتی:
- حزبە سیاسیەکان
- گروپەکانو کۆبونەوەکان
- بەشداربوونی هاولاَتیان لە حکومەت و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی
- رای گشتی

٤-پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان
- سیاسەتی نێودەوڵەتی
- رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان
- مافە نێودەوڵەتیەکان

زانکۆی ولاَتە جۆراوجۆرەکانو بەپێی نیازەکان، گۆڕانکاریان لەم دابەشکردنە کردووە، بەلاَم قالبی گشتی بابەتەکان و لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسەت، بەو شێوەیە کە رێکخراوی یۆنسکۆ خستوویەتەروو، هێشتا وەك خۆی ماوە و کاری پێ دەکرێ.

### ٥/ئایا سیاسەت زانستە

تاکو ئێستا بەو گومانە کە لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان پێکهاتەی زانستی بێت زۆر باس کراوە. بەلاَم دەربارەی متمانە بەو گومانە دوو دڵی هەیەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

هەندێ لەو کەسانەی کە دەربارەی سیاسەت بیرکردنەوە و نوسینیان هەیە قوبڵیان نەکردووە کە بەشێ بەناوی زانستی سیاسەت هاتبێتە کایەوە. لەساڵی ١٨٤٣ (جان ئیستیوارت میل) (J.s. Mill)، زانستی بوونی سیاسەت دوو دڵ بوو. لەساڵی ١٨٥٧ز، (بوکلە)، رایگەیاند کە (لەم قۆناغەی ئێستای مرۆڤ، سیاسەت لە زاستی بوونیەوە زۆر دوورەیەو یەکی لەدواکەوتوو ترین بەشەکانە). وێڕای ئەوە بە درێژایی یەك سەدەو نیوی رابووردوو لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان پێشکەوتنی فراوانی بەدەست هێناوە، هەندێ لە زانایان هێشتا گرفتاری ئەو دوودڵییەن، ئەمجا لەبەرئەمە، دەبێ چ شتێك (زانست) دێنێتە دی نەختێ تاوتوێ و لێکۆڵینەوە بکرێ تا بتوانرێ بۆچونێك دەربارەی ئەم بابەتە دەربڕین.

پێناسەی زانست بەوە دەکرێ کە شێوازی لە ئاگایی و زانیاری کۆمەڵایەتیە کە ئەرکی ناسینی رێكوپێکی یاسا واقعیەکانە کە لەسەر سروشت، کۆمەڵگە و ئەندێشە حاکمن و ئاشکراو دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم یاسایانە. زانست، ئاگایی و زانیاری مرۆڤە لەو راستیانەی کە رێکخراون و پێوەری جێبەجێ کردنی یاسا گشتییەکانن، زانست راستیەکان کۆدەکاتەوە، وعلەتو مەعلول بەیەکەوە پەیوەند دەدات، بەو مەبەستەی کە دەرئەنجامی باوەڕپێکراو بەدەست بهێنێ.

زانیاری زانستی پشت بەژیری و بەڵگەو دەبەستێت، ئەمجا لەبەرئەمە شیاوی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەوە و گواستنەوەیە کە رێگای گفتوگۆو بەیان کردنەوە. تایبەتمەندیە بنچینیەکانی زانست بریتییە لە:

١-توانایی پیشاندانی فورمولیتەی ورد، هەمیشەی و پەیوەندیدار.

٢-توانایی بلاَوکردنەوە پێش بینی.

٣-توانایی بەدواداچوونی دەرئەنجامەکانو بلاَوکراوەکان.

**دەتوانرێ دوو تایبەتمەندی دیکە بخرێتەسەر ئەوانە:-**

١-رێکەوتن دەربارەی رەوشت.

٢-فێرکردنی ئەو کەسانەی کە بەئیشی زانستییەوە خەریکن.

بەلاَم بەباوەڕی هەندێ، ئەوشتەی کە زانست دیاری دەکات ئەمەیە کە یاسایی بێتو لەلایەن رەوش ناسیەوە لەسەر عەقڵ بنیات نرابێت، و تاقیکردنەوەی و توانای پێشبینی کردن تەنیا بەس نیە بۆ زانست بەحساب نایەت. زانست جەخت لەسەر رەوشتی رێكو پێکی توێژینەوە دەکات. بەباوەڕی (هاکسلی)، زانست کۆمەڵی زانیاری تەکووزە کە لەسەر عەقڵ و بەڵکە بنیات نراوە.

زانستێ کە لەتەك دیاردە سروشتیەکاندا سەروکاری هەیە زانستی سروشتی و ژیوارییان پێ دەڵێین و زانستی کە پەیوەندی بە دیاردە کۆمەڵاَتیەکانە هەیە زانستی کۆمەڵایەتی ناوبراوە. زانستی سیاسەت پەیوەندی گروپی دووەمە. بەوجۆرە کە ئاماژەی بۆکرا، هەندێ لە کۆڵەران، زانستی بوونی خوێندنەوە سیاسیەکانیان رەت کردوەتەوە. (ئۆکوست کنت)، باوکی کۆمەڵ ناسی، وەها بۆچوونێکی هەبووە و دەڵێ:

١-کۆڵەرە سیاسیەکان دەربارەی شێوازەکانی زانستی سیاسەت هاودەنگ نین.

٢-بنچینەو دەرئەنجامەکانی بەشێوەی گشتی پەسەند نەکراوە.

٣-گۆڕان و گەشەکردنی بەردەوامی نییە.

٤-ناتوانێ کەرەستەو پێداویستییەکانی پێش بینی کردن ئامادە بکات. وێڕای ئەم نەیاریەی (کنت)، رەخنەگرانی پاشی وی چەند رەخنەیتریان زیادکردووە.

٥-دیارە سیاسیەکان ئەمەنە ئاڵۆزو جۆراو جۆرو ناڕێكوپێکن رەوشە زانستیەکان توانای پیاچوونەوەیان نیە.

٦-ئەو هۆیانەی کە کارلێکەرن لەسەر دیاردە سیاسیەکان نادیارنو سەلماندیان دژوارە.

٧-لاوازی کۆنترۆڵ کردنی هۆکارە کارلێکەرەکان لەسەر دیاردە سیاسیەکان پێش بینی و دەرئەنجامی مەحاڵ دەکات.

٨-کەسایەتی و جیهانبینی توێژەر، زیاتر لەسەر واقعیەتەکان و ئەو دەرئەنجامەی کە بەچنگ دێت کارلێکەری هەیە. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەش سەربەخۆ بێت، ناتوانێ وەك توێژەری زانستە سروشتی و زینگەیەکان بێلایەن بێت. پەروەردە، فێرکارە، دەورووپشتی کۆمەڵایەتی و پیشەکەی لەسەر جیهانبینی و ئەو دەرئەنجامەی بەدەستی دێنێ، کارتێکەرن، سەرئەنجام لەبەرنەبوونی ئامازی پێوانەکردنی ورد، رادەی دەمارگیری لە لەیاری کردنی دەرئەنجامەکان زۆر دەبێت.

تەنیا ئەم رەخنەگرە ناوبراوانە نین کە لە پێکهاتە زانستیەکەی خوێندنەوە سیاسیەکان دوو دڵی و گومانیان کردبێ، هەندێ سیاسەتناسیش دیسان وەها رەخنەگەلێکیان بەکارهێناوە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٤٦ز، (بۆرگان)، لەوتارێکیدا لە زانکۆی (کیمبریج) گوتی: (ئەمڕۆ دەبێ دوو دڵ بین لەوە ئایا زانستێك هەیە بەناوی زانستی سیاسەتەوە، هەر وەکو ئەو دوو دڵیەی کە پێشینان هەبوو یان سەبارەت بەزانستێ کە لەلایەن زانستیەوە نەناسراو بووە).

لەوتنەکانی رەخنەگران راستیەك ئاراوەیە. لەراستیدا، لێکۆڵینەوەی زانستی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دوور نیە لە دژواریەوە و خوێندنەوەی کۆمەڵایەتیەکان بەپێی سروشتی خۆی، ناتوانی وەك زانستە سروشتی و ژینگەیەکان ورد و بێ خەوش بێت. بەلاَم ئەمەی کە رەخنەگران دەڵێنو هەر جۆرە بۆچونێکی زانستی بوونی خوێندنەوە سیاسیەکان رەت دەکەنەوە تارادەیەکی زۆر هەڵ دێتە بەرچاو. ئەو رەخنەگرانە پێی دەچێ تەنیا ئەوە پەسەندکەن کە ئەوەی بەیەك خوێندنەوە تایبەتمەندی زانستی بوون دەبەخشێ وردی دەرئەنجامەکان و توانای پێشبینی کردنییەتی. ئەمە لەراستیدا، تێگەیشتنێکی سەقەتە لە سروشت و پێکهاتە زانست. هەندێ زانستی سروشتی هەن کە توانای پێش بینی کردنی راستیان نییە، وەك ئەستێرەناسی، ئایا دەبێ زانستی بوونی ئەو رەت کەینەوە؟ ئیدی بۆ دەبێ لە زانستی کۆمەڵایەتی خوازیاری وردبوونی لەرادەبەدەر بین.

ئەگەر متمانەی دەرئەنجامەکان و دروستی تەواوی پێش بینی، تەنیا پێوەر نەبن بۆ زانستی بوون، ئیتر چ شتێکیتر زانستی بوونی خوێندنەوەیەك دیاری دەکات؟ لەوەڵامدا دەبێ بگوترێ کە شێوازی هۆکارێکی برندەیە. ئەگەر شێوازو رەوشتەکانی یەك خوێندنەوە زانستی بێت و توێژەرێکی متمانەپێکراو بەکاریان بەرێ، ئەوا بەدواداچوونەوەی بابەتەکان شێوەی زانستی پەیدادەکات.

زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بەتەواوی، ئەم تیبەتمەندیانەیان هەیە. بەو جۆرەی کە دەزانین زانستە سروشتیەکان لەگەل بیگیان و رووەك و ئاژەلدا سەروکاری هەیە، بەلام زانستە کۆمەلایەتیەکان پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە وەك ئەندامیك لە کۆمەلگەدا. زانای سروشتی بەپیچەوانەی زانای کۆمەلایەتی بە ئاسانی لەگەل بابەتەکەیدا کاردەکات، ئەو بابەتەی مەبەستیەتی لەهەموو شوینیك یەك ئەنجامی لیدەکەویتەوە، بۆنمونە دوو کۆی دوو لە هەموو شوینیك دەبێتە چوار، یان ئاو لە هەموو شوێنێك لەسەد پلەی گەرمی دێتە کوڵ، هتد..

بەلاَم وەها یەکتایەك دەربارەی رەفتاری مرۆڤ نیە. مرۆڤ عەقڵو مەنتیق و ئیرادەی و هەستی هەیە و لەبەرئەمە، کەسە جیاوازەکان لەبەرانبەر هاندەرە تایبەتیەکاندا (انگیزەهای خاص) دژەکرداری (واکنش) جیاجیا پێشان ئەدەن. هەر جۆرە ئەنجامێ لەسەر ئەم جۆرە دەرئەنجامە بنەمانرابێ نادیارەو ئەگەری هەڵەی هەیەو تاوانبارکردنی وەها ئەگەرێکی هەڵەش زۆر دژوارە.

لەمەش بەولاوە، دیاردە سروشتیەکان بەئاسانی دەتوانرێ لە تاقیگە مەرجدارەکاندا بخرێنەبەر باس و لێکۆڵینەوە، جا لەبەرئەمە ناسینی هۆی دروست بوونی شتێك یان دروست بوونی شتێك هۆی چیە؟ زۆر ئایان دەبێت. بەلاَم دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەو شێوەیە نین. نە تەنیا پاڵنەرەکانی مرۆڤ ئاڵۆزن، بەڵکو هیچ کارانتیەکیش نییە کە هۆکارە دەرەکییەکان کار نەکەنەسەر رووداوەکان. کاتی دژواری زۆرتر دەبێ کە هیچ توێژەرێکی سیاسی ناتوانێ بابەتەکەی خۆی لە تاقیگە مەرجدارەکاندا بخاتە بەردەس لێکۆڵینەوە تا بەوردی تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر لەسەری بکات و بگاتە ئەنجام. بەپێچەوانە زانا سروشتیەکان ئامێرو ئامرازو کەلوپەل گەرسەی ئەندازەگیری ورد بۆ هەڵسەنداندنی دەرئەنجامەکان لەبەردەستیدایە، زانای کۆمەڵایەتی هیچ جۆرە ئامێرێکی دروست کراو لەبەردەستدا نییە تا یارمەتی تێروانینەکانی بە ووردی و راست و دروستی بدات.

لەگەڵ ئەم دژواریانەشدا، زانستە کۆمەڵایەتیەکان پێشکەوتنی زۆریان بەخۆیانەوە دیوە، بەلاَم ناتوانرێ چاوەروان بکەین هیچ یەك لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە ئەندازەی زانستە سروشتیە پێشکەوتووەکان وردو بێگەرد بێ، بەڵکو، بەو جۆرەی کە (ئەرەستۆ)، گوتویەتی:

هۆی لە سروشتی بابەتەکەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەری ئەنجام دەدرێ. زانست چاوەڕوانی ئەمەیە لە توێژەران کە بەدواداچوونەوەکان لە لایەنگیری و دەمارگیری (تعصب) بەدوور بن و رەوشتی زانستی پەسەندکراو بەکاربێنن. لەتێکەڵ بوونی جیهانبینی و هەستیان لەگەڵ ناسینی واقعیەتەکاندا بەرگری بکەن وەك یەك زانا پتر پابەندی راستیەکان بن تا ئەنجامەکان.

دەبێ قبول بکرێ کە زاستی سیاسەت یە ئەندازەی زانستە سروشتیەکان ورد نیەو ناتوانێتیش ورد بێت. بەو شێوەیەی کە پێشدا باس کرا، زانستی سیاسەت تەنانەت زاراوە و واژەی زانستی وورد و گشت پەسەندیشی نیە. واژەو زارەوەکان بۆ کەسانی جۆراوجۆر مانای جۆراو جۆری هەیە و بنەماو ئەنجامەکانی زانستی سیاسەت هەم بەتەواوی دڵنیاکەرەوە نییە. هیچ رووداوێکیش بەوردی و زانستی ناتوانرێ پێشبینی بکرێت. بێگومان حەزو خواستی مرۆڤیش ئاڵۆزو نادیارە، دابو نەریت و دەوروپشتی کۆمەڵایەتیش رۆڵی خۆیان هەیە، وێرای ئەم بارودۆخەش، (جۆرێ بەردەوامی و هاوئاهەنگی لەخواست و حەزە مرۆڤایەتیەکان) هەن کە دەتوانرێ بخرێنە بەر باسو خوێندنەوە.

جیاوازی بۆچوونی سیاسەت ناسان سەبارەت بە بنچینەو بنەماکانی زانستی سیاسەت نابێ سەرسوڕهێنەر بێت، تەنیا زانستێکی سەلمێنەری نەی کە هەڵسابێ بە کۆکردنەوەی راستیەکان و هۆی پەیوەندی نێوان ئەو راستیانە رێك بخات (رابگە علی). ئەگەر وابێ جیاوازی زۆر روونادات. لەگەڵ ئەمەشدا زانستی سیاسەت زانستێکی (رێو رەوشتە) (علمی هنجاری) تەنیا بەدواداچوونەوەی بابەتەکان هەڵناسێ. بەڵکو بەخوێندنەوەی گۆڕانکاریە سیاسیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاری کراوەکانیش هەڵدەستێت، لەوێدا دادوەری (حکەمیت) هیچ یەکێ لەسیاسەت ناسان ناتوانێ چەشنی یەك بن، جیاوازی دەربارەی ئامانجەکا خواریارەکان تیکۆشانی مرۆڤ لەکیشە سیاسیەکانەوە دوور نییە، وەها جیاوازیگەلیك کارتیکەری لەسەر لیکۆلینەوە هەیە. لەتەك ئەم بارودۆخەشدا. بنەما گەلیك کە هاودەنگی لەسەریان هەیە خەریکی چەکەرەکردنە. هەروەهاش لەنیو تویژەرە سیاسیەکاندا دەربارەی گرتنەبەری شیوازی گونجاو بۆ بەدواداچوونەوەی دیاردە سیاسیەکان لەیەك تیگەیشتنی باش هەیە. ئەمجارە لەبەرئەمە ئیتر بەلگەیەکی باوەرپیکراو نیە کە زانستی بوونی سیاسەت رەتکەینەوە.

ئەم وتەیە بەو مانایە نیە کە زانستی سیاسەت هێشتا یەکێ لە زانستە گەشەنەکردووەکان نیە. توێژینەوەی بەردەوام و قبوڵ کردنی رەوشت ناسی شیاو پێش مەرجی پێویستی گەشەکردنی زانستی سیاسەتن لەداهاتوودا. تاکو ئێستا شارێیەك دروست نەکراوە، بەلاَم پەیڕەوانی ئەم زانستە کوێرە رێگاگەلێکیان دروست کردووە کە بەگرتنەبەر و تێپەڕبوون لەو رێگایانەوە دەتوانرێ ئەم زانستە دوبارە پێك بێتو گەشەبکات تا بەگوتەی (برنارد شۆ) (شارستانیەت رزگاربێت)، ئەگەر زانستی سیاسەت وەها پیامێك بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەو بە لوتکەی هونەری مرۆڤایەتی دەگات، هونەری کە لە توێ خودی سیاسەتدا شاراوەیە.

### ٦/رۆڵی زانستی سیاسەت لەدیموکراسیدا

چەرخی ئێمە چەرخی دیموکراسیەو خەڵك دیاری کردنی سیاسەت و کارە سیاسیە تایبەتیەکاندا رۆڵو کاریگەری گەورەیان هەیە. سیاسەت، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەموو خەڵك بەخۆیەوە دەگرێ. زانستی سیاسەت بنەما گەلێك دادەنێ دەبێ لەکاروبارە گشتیەکاندا پەیڕەوی لەو بنەمایانە بکرێت. زانستی سیاسەت خەڵك سەبارەت بە مافو ئەرکەکانی خۆیان هۆشیار دەکاتەوە. وەهەروەها خەڵك لە ئامانجو ئەرکەکانی دەوڵەت و جێگای تاکو پەیوەندیشی لەگەڵ توانای دەوڵەتدا ئاگا دەکاتەوە. وەها خەڵکێك دەتوانن لەکاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کاریگەریان هەبێت و رۆڵی گرنگ ببینن، لە ولاَتگەلێك کە خەڵك هۆشیاری سیاسیان نیە، ئاستی ژیانی سیاسی، ئیدارەی کاروباری گشتی، هەڵبژاردنی سیاسەتمەداران لەو رێژە نزمەدایە و رابەرەکان لەکارەکانیاندا لێپرسراو نین و لەرەخنەکان باکیان نیە.

ئامانجی بنەڕەتی فێرکاری زانستی سیاسەت، هوشیاری سیاسی پێدانە بەخەڵکی کۆمەڵگەی ئازاد. هۆشیاریە سیاسیەکانی خەڵك و هەستی بەرپرسیاران لەبەرانبەر چارەنوسی جەماوەرو ولاَتەکەیانیش دەبێتە هۆکارێکی گرنگی بەردەوامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە خوازیارەکەیان. ئەگەر ئەو چەشنە هۆشیاری و هەست بە بەرپرسیاریەتیە نەبێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە دەروخێ. هۆشیاری و تێگەیشتن لەکارە پێچاوپێچو ئاڵۆزەکانی حکومەت و سیاسەت، بەهایەکە دەبێ هەموو خەڵك لەبۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان ببێژرێن. زانستی سیاسەت تێ دەکۆشێ کە ئەم جۆرە ئاگایی و هۆشیاریانە بەدی بهێنێ، تەنیا دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا مەرجی تەواو نیە بۆ بەشداری کردنی سیاسی، بەڵکو وەڵامدانەوەی راستو دروستی پرسیارە سیاسیەکان مەرجی پێویستە. خەڵك پێویستە بزانن کە حکومەتەکەیان چۆن کاردەکاتو دیسان دەبێ تێبگەین کە لە پشتی سیاسەتە تایبەتەیەکانەوە چ بەرژەوەندییەك هەیەو چ هێزێك لەپشتیەوە راوەستاوە و کارگێری دەکات وە هەروەها دەرئەنجامی کردەوەی وەها سیاسەتگەلێك چیە؟ خەڵك دەبێ هۆشیاری سیاسی هەبێ بزانێ چی کەسانێ هەڵدەبژێرێ و هەڵبژێردراوە بۆ گەیشتنی و دەستەبەرکردنی ئامانجەگەلێك هەڵبژێردراون. ناهۆشیاری سیاسی لەزۆرکاتدا بووەتە هۆی لەناوچوون و نەمانی ولاَتان و ژیانی مرۆڤەکان.

زانستی سیاسەت هەروەها تێدەکۆشێت بۆ فێرکردنی شیاوی کەسانی خوازیارو ئامادەکاری سیاسی، ئەو کەسانە تەنیا کارو پیشەیان تەرخانە بۆ کاروباری سیاسی، یاسایی، فێرکاری، خزمەتگوزاریەکانی ولاَت و خزمەتگوزارییە دەرەکییەکان.

ئەم ئەرکەی زانستی سیاسەتە بەشێوەی گشتی لەزانکۆکاندا جێبەجێ دەکرێ و بەو کەسانەی کە ئەم فێربوونەیان بەدەست هێناوە بڕوانامەی زانستیان پێ دەبەخشێ.